سەرۆک کۆمار گەیشتە ریازی پایتەختی سعودیە



عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کۆمار ئەمڕۆ شەممە بەمبەستی بەشداریکردن لە کارەکانی لوتکەی عەرەبی و ئیسلامی گەیشتە ڕیازی پایتەختی سعودیە. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکایەتی کۆمار لە ڕاگەیندراوەکدا باویکردەوە : سەرۆك کۆمار عەبدولەتیف جەمال ڕەشید گەیشتە شانشینی سعودیە بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی لوتکەی نائاسایی عەرەبی و لوتکەی ئیسلامی لە شاری ڕیاز، بۆ تاوتوێکردنی هەرش و بەردومانەکانی بەردەوام بۆ سەر خەڵکی فەلەستین. ئاماژەی بۆوشکرد: سەرۆك کۆمار لەلایەن جێگری ئەمیری هەرەمی ڕیاز، شازادەی شاهانەی شازادە محەمەد بن عەبدولڕەحمان بن عەبدولعەزیز پێشوازی لەکرا و ئاماژەی بۆوشکرد : سەرۆك شاندێك یاوەری بوون کە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسەن و ئێندامانی ئێنجومەنی نوێنەران جەبار فریح کینانی و وەسفی عاسی عوبەیدی لەخۆگرتبوو.